کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:38 11-7-2007

**سەرنجێک لە سەر "خەپە شان و ملووتەکەنی ڕۆژنامەی خەبات". ... کامەران ڕەشید**

بەم ناونیشانەی سەرەوە چەند دێڕێک لە لایەن ئاسۆ بیارەیی لە کوردستان نیوز نوسرابوو. من تەنها یەک سەرنجم هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەو وێنە نیمچە ڕوتانەی لاپەڕەی یەکەمی خەبات تەنها هی کەسە بەناوبانگەکان نین، بەڵکو زۆر جار هەندێ ئەکتەری کچ یان گۆرانیبێژی کچی لای خۆمان (ئەگەر جوان بێت) وێنەکەی لەوێ دادەنرێت تەنانەت ئەگەر هەواڵی یەکەم کاری هونەریشی بێت و کەسیش نەیناسێت.

بەڵام هەواڵی زۆر لەو هونەرمەندە پیاوانەی کە ساڵانێکە داهێنانی جوانییان لە هەردوو بوردا هەیە لە لاپەڕەی کۆتایی بە بچوکی دادەنرێت. کەواتە ڕۆژنامەکانی ئێمە بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت خەڵک بە ناوەڕۆکی کارەکانیان ڕازی بێت.. بەڵکو هەر تەنها دەیانەوێت لە دوورەوە سەرنجی گەنجان ڕابکێشن و ڕایانکێشن بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە.

من دانانی وێنەی کچێک ئەگەر لە کات و شوێنی شیاوی خۆی بێت بە پێویست دەزانم و ڕۆژنامەکە جوانتر دەکات.. بەڵام لە سەر حیسابی پەراوێز کردنی خەڵکی دیکە نا.. چونکە هەموومان دەزانین کە شوێن و قەبارەی دانانی هەواڵێک لە لاپەڕەیەکدا مانا و دەلالەتی خۆی هەیە لە ڕۆژنامەگەریدا.

هۆڵەندا
kama_rashid@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.